# ڕاگەیاندنی شەخسیی سەبارەت بە داهات و موڵک و ماڵ

| |
|---|
| **ناوی یەکەم** |
| **ناوی خانەوادەیی** |
| **ژمارەی (DUF)** |

یاسا و ڕێسای دانی کۆمەکی ئابوریی و هاوپێچێک کە بڕ و چۆری هەموو یارمەتییەکانی تێدایە لەم لینکەدا دەستت دەکەوێت: «ڕێسانامەی یارمەتییە ئابورییەکان بۆ ئەوانەی لە کامپی دەوڵەتییدا نیشتەجێن» (ڕێسانامەی پارە)

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بیانییان (UDI) تەنها لە حاڵەتێکدا کۆمەکی ئابورییت دەداتێ ئەگەر تۆ خۆت پارەیەکت نەبێت پێی بژیت. ئەگەر تۆ خۆت موچەت هەیە، وە/یان موڵک و ماڵت هەیە، ئەوە مانای ئەوەیە کە تۆ خۆت بە تەواویی یان بە شیوەیەکی نیمچەیی پارەیەکت هەیە پێی بژیت. لە حاڵەتی وادا کۆمەکی ئابورییت نادرێتێ، یان کۆمەکەکە بە پێی زۆر و کەمیی موچەکەت وە/یان زۆر و کەمیی موڵک و ماڵەکەت کەم دەکەینەوە. وە ئەگەر داهاتی موچەکەت لە ئاستیکی دیارییکراو زۆرتر بوو، ئەوە داوات لێدەکرێت کرێخانووش بدەیت.

## ئەگەر داهات یان ماڵ و موڵکت هەیە بیڵێ

بۆ ئەوەی بتوانین بە بڕێکی دروست کۆمەکی ئابورییت بدەینێ، دەبێت بە کامپەکە ڕابگەیەنیت کە ئایا داهات یان موڵک و ماڵت هەیە. ئەو ڕاگەیاندنە لەڕێگەی ئیمزاکردنی ئەم فۆرمی ڕاگەیاندنی شەخسییەوە دەبێت. ئەو زانیارییانەی لێرەدا دەیاننووسیت بەکار دەهینرێت بۆ دیارییکردنی بڕی ئەو کۆمەکە ئابورییەی دەتدرێتێ.

## دۆکۆمێنتی سەلمێنەر بخەرە بەردەست

هەرکاتێک کامپەکە داوا بکات بیسەلمینیت کە تۆ مەرجەکانی وەرگرتنی کۆمەکی ئابورییت تێدایە، دەبێت بتوانیت بەڵگەی سەلمێنەر بخەیتە بەردەست. ئەگەر ئەو بەڵگە سەلمێنەرانە نەخەیتە بەردەست کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بیانییان (UDI) داوایان دەکات، لەو حاڵەتەدا کۆمەکە ئابورییەکەت ڕادەگیردرێت.

دەبێت ئەم دۆکۆمینتە سەلمێنەرانەی خوارەوە بخەیتە بەردەست

- کۆپییەکی پسوڵەی موچەکەت، ئەمە ئەگەر موچەت هەیە
- کۆپییەکی گرێبەندی کارەکەت، ئەمە ئەگەر موچەت هەیە
- کۆپییەکی حیسابە بانکییەکەت کە تێیدا بڕی ئەو پارەیە دیار بێت کە لە دوایین مانگدا هەتبووە، ئەمە ئەگەر حیسابی بانکی نەرویجییت هەیە
- بەڵگە لە دەزگاکانی باج و خەراجەوە کە پیشانی بدات لە ساڵی پێشوودا چەندت داهات هەبووە و چەندت باج داوە
- بەڵگەنامەیەک لە بەڕێوەبەرایەتیی کار و خۆشگوزەرانییەوە (NAV) کە ئەگەر لە دوانزە مانگی ڕابردوودا یارمەتیی درابێت، تیایدا هەبێت

# ڕاگەیاندنی شەخسیی

- [ ] ناوەڕۆک و مانای ئەم ڕاگەیاندنە شەخسییە تێدەگەم و، لێرەدا ئەوەندەی خۆم دەیزانم زانیاریی دروستم داوە.

- [ ] هەر موڵک وماڵێکی بەردەست، وە/یان هەر داهاتێکم هەبێت زانیارییم لەسەری داوەتە کامپەکە. وە ئەگەر لەم ماوەیەدا کە لە کامپ دەژیم، هەرکاتێک موڵک و ماڵ وە/یان داهاتم هەبێت، دەزانم ئەرکمە زانیاریی لەسەری بدەمە کامپەکە وە هەروەها دۆکۆمێنتی سەلمێنەریان بۆ بێنم. هەروەها دەزانم دەبێت هەمانشت بکەم ئەگەر گۆڕانکارییەک لە داهاتمدا وە/یان لە موڵک و ماڵمدا ڕوووبدات.

- [ ] دەزانم کە بۆی هەیە لای پۆلیس سکاڵام لەسەر تۆمار بکرێت ئەگەر بێتو بەئەنقەست زانیاریی هەڵە بدەم یان زانیاریی لەسەر کاروباری داهات وە/یان موڵک و ماڵم بشارمەوە.

- [ ] دەزانم کە بۆی هەیە کۆمەکی ئابورییم کەم بکرێتەوە یان ببڕدرێت ئەگەر بێتو بەئەنقەست زانیاریی هەڵە بدەم یان زانیاریی لەسەر کاروباری داهات وە/یان موڵک و ماڵم بشارمەوە.

| بەروار | ئیمزای تۆ وەک پەناخوازێک | ئیمزای کارمەندی کامپەکە |
|---|---|---|